*Journal of Language Studies* **Vol. 4, No. 1, Autumn 2020, Pages (247-275)**

**ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)**

**Journal of Language Studies**

**Contents available at: http://jls.tu.edu.iq**

# Clitics in Kurdish Language

**Prof. Dr. Shahab Taeb Taher**

**Raparin University,College of Education, Kurdish Department**

**E.mail:** shahab@uor.edu.krd

**Keywords:**

Clitics
Suffix
Prefix
Morpheme
Derivational morpheme
Inflectional morpheme
Bound morpheme

**Article history:**

**Received: 2-10-2020**

**Accepted: 1-1١-2020**

**Available online**

## Abstract

This study is a linguistic attempt to specify the clitics of Kurdish language and to make a distinction between the clitics and suffixes, especially with the inflectional suffixes. It also revises the previous works tackling the clitics in one way or another. The issue of the study is that many linguists have handled clitics, their work is not satisfactory because they regard many other things as clitics. The method used here is analytical and descriptive because the works have been described and their shortcomings have been critically analyzed. The scope of the study shows that it is limited to the level of morphology and syntax and the examples have been taken from central Kurdish. The study is divided into two parts; the first part is an entry for the clitics incorporating the definition, types, explication of clitics, their difference with the suffixes and the parts of speech regarded as clitics. The second part is devoted to the evaluation and revision of the previous works.

* **Corresponding Author**: **Prof. Dr. Shahab Taeb Taher**
**Affiliation: Raparin University,College of Education, Kurdish Department**
**E.mail:** shahab@uor.edu.krd
**Tel. +009647501556411**

# جارێکی تر نووسەك لە زمانی کوردیدا

**پ.د. شەهاب تەیب**

**زانکۆی ڕاپەڕین/ کۆلێژی پەروەردە/ بەشی زمانی کوردی**

shahab@uor.edu.krd

٠٧٥٠١٥٥٦٤١١

**الكلمات الدالة:-**

نووسەك
پاشگ
پێشگر
مۆرفیم
مۆرفیمی وشەداڕێژ
مۆرفیمی وشەگۆڕ
مۆرفیمی بەند

**معلومات البحث**

**تاريخ البحث:**

الاستلام: ٢-١٠-٢٠٢٠

القبول: ١-١١-٢٠٢٠

التوفر على النت

نووسەك یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی، کە لە زمانی کوردیدا، بۆ دیاریکردنی ڕوونکردنەوەی و دیاریکردنی ئەو کەرەسانەی کە دەبنە نووسەك، جۆرە تێکەڵییەك بەخۆیەوە دەبینێ، بە تایبەتی لەگەڵ گیرەکە ڕێزمانییەکاندا و چۆنێتی جیاکردنەوەیان لەگەڵ یەکتری، لەبەرئەوەشە لە نێو هەندێ لەزمانەوانان، یاخود لەوانەی بایەخ بە زمانی کوردی دەدەن، بیروڕای جیاواز لەبارەی ئەو بابەتەوە هەیە. بۆیە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە، ئەو لایەنە لێڵ و ناڕوونییەی هەیە، دیاریبکرێت و ڕێداچوونەوەش بە زۆربەی ئەو کارانە بکرێت، کە لەو بوارەدا نووسراون.

نووسەك وەنەبێ هەر لە زمانی کوردیدا بوونی هەبێت، بەڵکو لە زۆربەی زمانەکانی تریش بوونی هەیە، لەوانەش لە زمانی ئینگلیزی و فارسی و ...هتد، کە پێناسە و زاراوە و تایبەتمەندی و ئەرك و جیاوازی و نرخ و پێگەی خۆی هەیە. سوود لە ڕێبازی وەسفی شیکاریی ڕەخنەیی بینراوە، لە بە جێگەیاندنی ئەم توێژینەوەیەدا. ڕەخنە و شیکاریشمان بۆ ئەو کەموکووڕیانە کردووە، کە لەو نووسینانەدا بەدیکراون.

توێژینەوەکە لە سنووری هەردوو ئاستی وشەسازی و ڕستەسازیدا کاریان لەسەرکراوە و کەرەسە و نموونەکانیش هەر بەم دیالێکتە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵك و سەرچاوە و کتێبەکانەوە وەرگیراون.

توێژینەوەکە دابەشکراوە بۆ سەر دوو بەش:

<u>بەشی یەکەم</u>: دەروازەیەك بۆچەند لایەنێکی نووسەك، کە تێیدا ئاماژە بەم ناونیشانە کراوە: (نووسەك لەڕووی زاراوەوە، پێناسە و ڕوونکردنەوەی نووسەك، جۆرەکانی

| | |
|---|---|
| نووسـەك، جیاكردنەوەی نووسـەك لەگەڵ گیرەكدا، ئەو كەرەسانەی كە بە نووسـەك دانراون لە زمانی كوردیدا).<br>بەشـی دووەم: تەرخانكراوە بۆ هەلسـەنگاندن و بەسەركردنەوەی كارەكانی پێشوو. | |

**- پێشەكی:**

تا ڕادەیەك، نووسـەك یەكێكە لەو بابەتانەی، كە تێكەڵییەكی لەگەڵ گیرەكەكاندا پێوەدیارە، بەتایبەتی لەگەڵ گیركە ڕێزمانییەكاندا، لەبەرئەوەشـە لە نێو هەندێ لەزمانەوانان یاخود لەوانەی بایەخ بە زمانی كوردی ئەدەن، بیروڕای جیاواز لەبارەی ئەو بابەتەوە هەیە. لە ئەنجامی ئەوەشـدا ڕایەكی یەكگرتوو نییە لە دیاریكردنی كام كەرەسـە لە زمانی كوردیدا بە نووسـەك لە قەڵەم بدەن، لەبەرئەوەی هەر یەكە و بەپێی تێڕوانین و لیكدانەوەی خۆی و دوودڵی لە تێگەیشتنی بنەما و تایبەتییەكانی نووسـەك، وای لێكردووە بەهەڵە بڕیار لەو بارەیەوە بدات. هەروەها هۆكارێكی تر لەو هەڵە تێگەیشـتنە تا ڕادەیەك كاریگەریی زمانەكانی ترە لەسـەر بیركردنەوە و لێكدانەوەی هەندێ لە لێكۆلەران، وەك كاریگەریی زمانی فارسی و ئینگلیزی و...هتد.

نووسـەك وەنەبێ هەر لە زمانی كوردیدا بوونی هەبێت، بەڵكو لە زۆربەی زمانەكانی تریش بوونی هەیە، لەوانەش لە زمانی ئینگلیزی و فارسـی و ...هتد، كە پێناسـە و زاراوە و و تایبەتمەندی و ئەرك و جیاوازی و نرخ و پێگەی خۆی هەیە.

- گرنگیی توێژینەوەكە:

گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، كە هەوڵێكی تری زانسـتییە بۆ دیاریكردنی نووسـەكەكانی زمانی كوردی و چۆنێتی جیاكردنەوەیان لەگەڵ گیرەكەكاندا، بە تایبەتی لەگەڵ گیرەكە ڕێزمانییەكان. هەروەها پێداچوونەوەش بە زۆربەی ئەو سـەرچاوانە كراوە، كە ڕاسـتەوخۆ و ناڕاستەوخۆ باسیان لە نووسـەك كردبێت.

- گیروگرفتی توێژینەوكە:

گیروگرفتی توێژینەوهكە لەوەدا خۆی ئەبینێتەوە، كە كەسـانێكی زۆر هەن باسـی نووسـەكیان كردووە، بەڵام نەكرا زۆربەی ئەو نووسـراوانە

بەردەست بکەون، بۆیە تەنها ئەو سەرچاوانە باسکراون، کە لەم توێژینەوەدا ناویان هاتووە.

- ڕێبازی توێژینەوەکە:

ڕێبازی وەسفی شیکاریی ڕەخنەیی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە، جگە لەوەی باسی ئەو بابەتانە کراوە، کە دەربارەی نووسەکە، لەهەمان کاتیشدا ڕەخنە و شیکاریشمان بۆ ئەو کەموکوورییانە کردووە، کە لەو نووسینانەدا بەدی کراون.

- سنووری توێژینەوەکە:

سنووری توێژینەوەکە زیاتر لە چوارچێوەی دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاستدا وەرگیراوە و قسەی لەسەر کراوە، و لە سنووری هەردوو ئاستی وشەسازی و ڕستەسازیدا کاریان لەسەرکراوە و کەرەسە و نموونەکانیش هەر بەم دیالێکتە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵك و سەرچاوە و کتێبەکانەوە وەرگیراون.

هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەوەیە، کە سنووری جیاکردنەوەی نووسەك و گیرەکەکان بە تایبەتی گیرەکی ڕێزمانی بەهۆی ڕاوبۆچوونی جیاوازەوە تێکەڵییەکی زۆری پێوەداربووە، هەروەها دیاریکردنی ئەو کەرەسانەی کە بە نووسەك دائەنرێن ڕای جیاوازیان لەسەربووە، بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی ترە لە پێناو ڕەواندنەوەی ئەو دوو هۆکارەی کە لە سەرەوە باسکران.

- ناوەرۆکی توێژینەوەکە:

بەپێی گرنگی توێژینەوەکە دابەشکراوە بۆ سەر دوو بەش:

<u>بەشی یەکەم:</u>

دەروازەیەك بۆچەند لایەنێکی نووسەك، کە تێیدا ئاماژە بەم ناونیشانە کراوە: (نووسەك لەڕووی زاراوەوە، پێناسە و ڕوونکردنەوەی نووسەك، جۆرەکانی نووسەك، جیاکردنەوەی نووسەك لەگەڵ گیرەکدا، ئەو کەرەسانەی کە بە نووسەك دانراون لە زمانی کوردیدا).

<u>بەشی دووەم:</u>

تەرخانکراوە بۆ هەڵسەنگاندن و بەسەرکردنەوەی کارەکانی پێشوو. لێرەدا جێی خۆیەتی ئەوە بوترێت، کە ئەم بەشە ئەبوایە لەجێی بەشی یەکەمبا ، بەڵام وا بەباش زانرا بهێنرێتە بەشی دووەم، لەبەرئەوەی هەر کەسێك ئەم تویژینەوەیە بخوێنیتەوە، خۆ ئەبێ سەرەتا زانیارییەك لەبارەی نووسەك و جۆر و تایبەتی و جیاکردنەوەی لەگەڵ گیرەکەکاندا بزانێت، پاش ئەوە ئەتوانیت سوود لە بەشی دووەم ببینێ کە بۆ هەڵسەنگاندنی کارەکانی پێشوو تەرخانکراوە. چونکە ناکرێت لەو هەڵسەنگاندنە تێبگا بێ ئەوەی، کە نەزانێ نووسەك چییە و تایبەتمەندیی و جۆر و پێناسە و ڕوونکردنەوەی لایەنەکانی چین.

بەشی یەکەم: دەروازەیەك بۆ چەند لایەنێکی نووسەك:

- نووسەك لە ڕووی زاراوەوە:

نووسەك زاراوەیەکی داڕێژراوە و لە چاوگی (نووسان) کە ڕەگەکەی (نووسێ)یە وەرگیراوە و پاشگری (ەك)ی پێوەلکاوە و بۆتە (نووسەك). لە هەندێ شوێنی کوردستان (نووسەکە)شی پێ ئەوترێت. نووسەك یان نووسەکە ئەو دڕکە بچووکەیە، کە بەهەموو شتێکەوە ئەنووسێ تواناى پێوەلکانی هەبێت، **نووسەك ڕووەکێکە دڕکاویە لە دەشت و دەر لە کەناری ڕێگا دەڕوێت، ڕووەکێکی خۆراکییە پێش ئەوەی گوڵ بکات سەر چڵەکانی لێدەکرێنەوە و لەناو ئاو دەیکوڵێنن و دەکرێت بە چێشت. ئەگەر گەڵاکانی ئەم ڕووەکە بجاوڕێن بە کاڵی و**

**لینجاوەکەی بخرێتە سەر برین خوێنی برینەکە دەبەستێت. ڕەگی ئەم ڕووەکە بۆ درووستکردنی ڕەنگی سوور بۆ ڕەنگکردنی کوتاڵ بەکاردێت. تۆوی ئەم ڕووەکە پاش وشکبوونی و وەك قاوە ببرژێت و قاوەی لێدرووست دەکرێ.(بڕوانە: فەرهەنگی ئەناهیتا:٢٠١٣: ٢٢١).**
زمانەوانی بواری ڕێزمانی کوردی وەك زاراوەیەك بۆ بواری مۆرفۆلۆجی سوودیان لەو زاراوەیە وەرگرتووە و لەو بوارەدا وەك زاراوەیەکی زانستی بەکاریانهێناوە. هەروەها (نوورسەك، نووسەنەك، زمانخوونك، زمانخیینك، زڤرك، زەلقۆق)یشی پێ ئەوترێت.(**هەمان سەرچاوە:٢٢١)**.

ئەم زاراوەیەش لە زمانی کوردیدا بەرانبەر (clitics)ی زمانی ئینگلیزی و (واژە بستهای)ی زمانی فارسی دەوەستێت. زاراوەی نووسەك یان کلیتیك لە وشەیەکی گریکی وەرگیراوە بە واتای (leaning) واتە (لاربوونەوە، لادان، پاڵدان، ئاراستە) دێت.(**د.حاتم وليا محمد:٢٠١٩: ١٢٤)،** **(crystal,2003:76)**.بۆ نموونە شێوە کورتکراوەکانی کاری بوونن، وەك:
He is …..He's

I am……I'

لە زمانی عەرەبیشدا بەرانبەر بە نووسەك (كلمة مقيدة) دانراوە.**(د.محمد علی الخولی: ١٩٩١: ٤٣)**.

- نووسەك: (پێناسەوە و ڕوونکردنەوە):

لەبەرئەوەی لە دیاریکردنیدا ڕاوبۆچوونی جیاواز هەبوو، کە پاشتر باسی ئەکەین،- ئەمە بووە هۆی ئەوەی پێناسەی جۆراوجۆریشی بۆ بکرێ، ئەکرێت هەندێ لەو پێناسانەی بە گرنگی ئەزانین لێرەدا باسی لێوەبکەین.

نووسەك ((وشەیەکی بەندە، خانەیەك لە ڕستەیەکدا داگیردەکات، بەڵام بەندە بە وشەیەکی ترەوە، وەك: is لە He's))،**(د.محمد علی الخولی:١٩٩١: ٤٣)**. بۆنموونە کە دەڵێین (شەش کۆترم کڕی) لەم ڕستەیەدا نووسەکی (م) بەندە بە وشەی (کۆتر)ەوە. یاخود چەشنێکە لە مۆرفیمی بەند، کە ((بەپێی چەند سیمایەکی تایبەتییان و جیاواز لە گیرەکەکان، ناونراون، نووسەك. هەرچەندە لە هەندێ ڕووەوە تەواو لێك دەچن و خاڵی هاوبەشیان هەیە)).**(د.شێروان حوسێن خۆشناو:٢٠١٦: ١٠٢)**. ئەو خاڵی هاوبەشییەی لەم پێناسەیەدا خراوەتەڕوو، هۆیەکەی ئەوەیە کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، ئەگینا مۆرفۆلۆجی وەك زانستێك، کە لە کۆمەڵە بنەما و یاسا وڕێسایەك پێکهاتووە، جێی ئەوەی تیانابێتەوە لێکدانەوەی جیاواز بۆ بابەتێك لە بابەتەکانی بکرێ، هەر یەکە و بە شتێکی جیاوازی تێ بگا، بۆ نموونە ناکرێت هەندێ جێناوە لکاوەکان بە نووسەك دابنێ و هەندێ تریش

پێچەوانەی ئەوانی تری دابنێن، لەبەرئەوەی بنەما و مەرجی تایبەت هەیە، کە لەڕێیەوە بڕیار لەسەر کام شت بدەین و بە نووسەکی بژمێرین.

نووسەک زاراوەیەکە لە ڕێزماندا بەکاردێت بۆ ئاماژەکردن بە فۆرمێك کە لە وشە دەچێت، بەڵام ناتوانرێت وەك یەکەیەکی سەربەخۆ و بە تەنها بکاربهێنرێت، لەبەرئەوەی لە ڕووی ڕۆنانەوە بەندە بە یەکێك لە وشە دراوسێکانییەوە.**(د.حاتم ولیا محمد:٢٠١٩: ١٢٣-١٢٤)**. لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، کە وەك وشەیەکی سینتاکسی لە ڕستەدا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ و کە تا ڕادەیەکی زۆریش بە کورتکراوەی وشەیك دائەنرێت.

کەوابوو بە((پێوەری ڕستەسازی، تایبەتمەندیی وشەی هەیە، واتە وشەیەکی نەحوی و ڕستەسازییانەیە، بەڵام بەپێوەری واچناسی وشە نییە، چونکە بیچمێکی ناسەربەخۆیە و لەگەڵ ئەو وشەیەی کە پێوەدەلکێت، وشەیەکی واچی پێکدەهێنن)).**(سەعید کەرەمی:١٣٩٦: ٦٦)**. ئەو وشەیەی کە میوانداری نووسەك دەکات و نووسەك لە پاڵیدا دەحەوێتەوە دەڵێن میواندار، لەبەرئەوەی بە شێوەی کاتی پێوەدەنووسێت و خێرا جێدەگۆڕێت.

هەندێ لە نووسەران بە مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی دائەنێن، ئەوەیە کە(...لە وشە ئەچێت بەڵام بەپێی ئەو تایبتییەی کە هەیەتی بەتەنیا لە گوتندا بەکارنایەت، لەبەرئەوەی پێکهاتەیەکی ناسەربەخۆی هەیە، لەگەڵ وشە پێکەوە دێن و پێکهاتەیەك دروست ئەکەن و کۆتایی بەپێکهاتنی وشە دەهێنێت.**(بڕوانە: crystal,1992:67)**.

جۆرەکانی نووسەك:

نووسەکەکان دەکرێت بکرێن بەچەند جۆرێکەوە:

### ١-نووسەکی سەربەخۆ(پرۆکلیتیك):

ئەم نووسەکانە واتە (پێش بەست- pro-clitic) پشت بە وشەکانی دوای خۆیانەوە دەبەستن.**(عمر محمود کەریم:٢٠٠٤: ٦٦)**.

بەسەرەتای وشەی خانەخوێوە دەلکێنرێت. وەك ئامرازی کورتکراوەی ناسراوی تاك لە فەڕەنسیدا (I).**(د.حاتم ولیا محمد:٢٠١٩: ١٢٤)**. ئەمە لە کوردیدا تا ڕادەیەك ناگونجێ، چونکە لەسەرتاوە نووسەك ناکرێت بە وشەوە بلکێت، تەنیا لە هەندێ باردا ئەکرێت لە کاتی نەرێکردنی کاردا پاش نیشانەی نەرێکە بێت و لەپێشی وشەکەوەبێت، بۆ نموونە:

نەمخوارد، نەهاتم . دەمکڕی . نایەم ...هتد. لێرەشدا ئەگەر نیشـــانەی نەرێکردنەکە نەبێت ناتوانێت لەپێش یان لەســـەرەتای وشـــەکە یان قەد یان ڕەگەکەوە دەربکەوێ.

## ٢- نیمچە نووسەك(ئینكلیتیك):

ئەم نووسەکانە، واتە (پاش بەست – En clitic or post clitic) پشت بە وشەکانی پێش خۆیان دەبەستن و دەکەونە دوای ڕەگەوە، ڕاناوە لکاوەکان دیارترین جۆری نووســـەکەکانن، (...بە پۆلی نووســـەك ناوبراون لەپاڵ ڕێکخســـتنی کەرەســـە دەرپراوەکاندا ڕۆڵی بکەر و خاوەنێتی و دەرخەری کەســـی قســـەکەر و گوێگر و باســـکراو تاك و كۆ دەبینن).**(ئەبوبکر عمر قادر:٢٠٠٢: ٢٣).**

بە دواوەی وشەی خانەخۆیوە دەلکێنرێت، وەکو هەندێ جێناو و وشەی زیادە بۆ کۆتایی شـــێوەی کار، وەك (s)ی خاوەنداریێتی لە زمانی ئینگلیزیدا. بۆ نموونە **( Marys car ).(د.حاتم وليا محمد:٢٠١٩: ١٢٤).** ئەو جۆرە نووســـەکە ئەکرێت (شێوەنووسەك)یشی پێ بوترێت، وەك نیشانەی ناسیاوی (ەکە)، لەبەرئەوەی ((لەزمانی کوردی و فارســـیدا، ئەوانەی بە گیرەکی ڕێزمانی دانراون، هەندێکیان، توانای گۆڕینی بنکەکانیان هەیە، وەکو مۆرفیمی (ەکە) لە زمانی کوردیدا، لەهەندێ باردا، بنکەکەی بەجێ دەهێڵێت و دەچێتە ســـەر وشـــەیەکی تر، ئەمەش تەنیا لە چوارچێوەی ئەو فرێزانەدا ڕێگەی پێدراوە، کە دیارخەرەکەی ئاوەڵناوێکی چۆنێتی بێت)).**(د.شـــێروان حوسێن خۆشناو:٢٠١٦: ١٠٤-١٠٥).** وەکو:

وانەکەم نووسی (لەسەر بنکە دانراوە)

وانە بەسوودەکەم نووسی (دەجووڵێت)

## ٣- نووسەکی سادە (simple cliticization) و ئاڵۆز( complex cliticization ):

لە فارسیدا (واژەبەست سادە)ەو لە ئینگلیزیش (simple clitic)ی پێ ئەڵێن .

نووســـەکی ســـادە (بۆ هەمان پۆلەوشـــە دەگەڕێتەوە وەك هەندێ وشـــەی سەربەخۆی زمان، واتە هەمان شێوەی وشە تەواوەکانی خۆیان هەیە و کە دەتوانرێت لە شوێنێکی سینتاکتیکیدا شوێنی بگیرێتەوە)، وەك :

The haven eaten they've eaten

کەواتە (ve) بە نووسەکی سادە دادەنرێ، چونکە هەمان ئەرك و شوێنی سینتاکسییان هەیە لەگەڵ شێوە تەواوەکانیاندا.**(د.حاتم ولیا محمد:٢٠١٩: ١٢٥)**. ئەگەر وشەی تەواو لە شوێنی دابنیشێت ئەوە پێی ئەڵێن نووسەکی سادە.**(سەعید کەرەمی: ١٣٩٦: ٦٨)**، چونکە سادەکراو و سووکەڵەکراوی وشە تەواوەکەیە، وەك پێشبەندی (ە) کە جێی پێشبەندەکانی تر ئەگرێتەوە. وەك: (هات بۆ کەرکوك) (هاتە کەرکوك) ، (دەبم بە مامۆستا) (دەبمە مامۆستا) (ئاگرت لە من بەردا) ( ئاگرت بەردایە من).جیاوازی لە نێوان نووسەکی سادە و وشەدا ئەوەیە، کە نووسەکی سادە لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە دەبێ بە خانەخوێیەکەیەوە بلکێنرێت، چونکە کەموکووری هێزیان هەیە و بەمشێوەیەش ناتوانن بەتەنها بەکاربهێنرێن.

نووسەکی سادە واتە ئەو گرێ ناوییەی نووسەك وەردەگرێ پەیوەندی بە تێنسی کارەکەوە نییە، بەڵام لە نووسەکی ئاڵۆزدا ئەو گرێ ناوییەی نووسەك وەردەگرێ پەیوەندی بە تێنسی کارکەوە هەیە.**(Amin: 2011: 73-74)**. بۆ نموونە:

-- بۆ تۆ دەسووتێم (نووسەکی سادە).

- -دەمناردن (نووسەکی ئاڵۆز).

## ٤- نووسەکی تایبەت:

ئەو نووسەکانە شێوەی کورتکراوەی وشەی تەواونین، بەڵکو ئەوانە تەنها چەند شێوەیەکن، کە تەنها وەك مۆرفیمی بەندی لکێنراو بە خانەخوێیەکانیانەوە دەلکێنرێن لە چەند سیاقێکی سینتاکسیی دیاریکراودا.**(د. حاتم ولیا محمد:٢٠١٩: ١٢٦)**.هەروەها ئەگەرێت و بەهیچ کلۆجێك دروست نەبێت وشە تەواوەکە لە شوێنی نووسەکەکەدا دابنیشت ئەوە نووسەکی تایبەتی پێ ئەڵێن ، لەبەرئەوەی لە وشەبوون شۆراتەوە و ڕەفتار و شوێنی تایبەتی بۆخۆی دۆزیوەتەوە.**(سەعید کەرەمی: ١٣٩٦: ٦٨)**. وەك نیشانەی نەناسیاوی لە (کوڕێك = یەك کوڕ)... بەهۆی ئەوەی بۆتە نووسەك سەرەتای وشەی بەجێهێشتووە و بە کۆتایی وشەوە نووساوە، یان لە ئینگلیزیدا (s)ی خاوەندارێتی باشترین نموونەیە کە هەرگیز بەتەنها نابینرێت و هەمیشە لەگەڵ وشە خانەخۆییەکەدا بێت.

لەبەرئەوەی نووسەکەکان بە زۆری خاوەن دوو فۆرم، یان زیاترن، فۆرمە کورتکراوەکەی پێی ئەوترێت (نووسەکی تایبەتی). بۆ نموونە لە ڕستەی : (من دەڕۆم بۆ زانکۆ). جێناوی کەسی (من) فۆرمە پڕەکەیە و جێناوی لکاوی (م) فۆرمە کورتکراوەکەیە، کە پێی ئەوترێت (نووسەکی تایبەتی).**(بڕوانە: د.محەمەد مەعروف فەتاح و د.سەباح ڕەشید قادر:٢٠٠٦: ٣٢)**.

جیاکردنەوەی گیرەك لە نووسەك:

پێش ئەوەی باسی بنەما و تایبەتمەندییەکانی جیاکردنەوەی گیرەك و نووسەك بکەین، ئەکرێت باسی هەندێ لایەنی گیرەك بکەین و پوختەیەکی لەبارەیەوە بڵێین، بۆ زیاتر بەرچاوڕوونی و وەرگرتنی زانیاری لەبارەی گیرەکەوە، تا ببێتە دەسکەلایێك بۆ تێگەیشتنی هەردوو چەمکی گیرەك و نووسەك.

گیرەك(ئافێکس) وەکو زاراوە، وشەیەکی یاخود زاراوەیەکی داڕێژراوە، لە ڕەگی چاوگی (گیران) کە (گیرێ)یە و پاشگری (ەك) پێکهاتووە و پێکەوە وشەی (گیرەك)یان پێکهێناوە.

گیرەك بەهەر سێ زاراوەی (پێشگر) و (پاشگر) و (نیشانە) ئەوترێت گیرەك.**(بڕوانە: د.ئەورەحمانی حاجی مارف:٢٠٠٤: ٣٣٠)**،کە لە وشەی (Affixus)ی لاتینییەوە وەرگیراوە و بە واتای (گیر، چەسپاو، لکاو، نووساو...)دێت، بێجگە لەو زاراوانەی سەرەوە ئەکرێت ناوبەند و ناوگریش هەر بە گیرەك لەقەڵەم بدرێت، لەبەرئەوەی لە مۆرفۆلۆژیدا دوو جۆر گیرەکمان هەیە <u>گیرەکی فەرهەنگی</u>، کە ئەوانەن واتای فەرهەنگی ئەبەخشن و وشەی نوێ دروست ئەکەن، کاتێ لەگەڵ وشەیەك یان قەد یان ڕەگێکدا بێن. بێگومان پێشگر و پاشگر و ناوبەند و ناوگریش ئەو ئەرکەیان پێ سپێردراوە.

جۆری دووەمی گیرەکەکان نیشانەکانن لە زمانی کوردیدا، کە پێیان ئەوترێت <u>گیرەکی ڕێزمانی</u>، کە ئەرکی سینتاکسی بەجێ ئەگەیێنن و ڕۆڵی وشەداڕشتن نابینن، نیشانەکانیش مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکان ئەگرێتەوە. بۆیە ئەوەی لێرەدا گرنگە بۆ جیاکردنەوەی نووسەك لەگەڵ گیرەکە ڕێزمانییەکاندا گیرەکی ڕێزمانییە، لەبەرئەوەی جۆرە نزیکییەکی لەگەڵ نووسەکەکاندا هەیە، و هەندێ جار سنووری نێوانیان تێکەڵ ئەبێ و هەندێ لە زمانەوان و ئەوانەی لەو بوارە کاردکەن، تێکەڵییەك بەکارەکانیانەوە دیارئەبێ و لە جیاکردنەوەیاندا بەهەڵەچوون ڕووئەدات.

لە مۆرفۆلۆجیدا زۆر گرنگە گیرەك و نووسەك بەپێی بنەما و تایبەتمەندییەکانی نێوانیان لێکجیابکرێنەوە، سەرەڕای ئەوەی (...هەندێ جار جۆرە تێکەڵییەك دەنوێنێ، کە ئەمەش بەپێی هەندێ لە مۆرفەکانی مۆرفیم و جۆری زمانەکانە لە نیشاندانیان).**(بازیان یونس محێدین:٢٠١٣: ٤٩)** سنووری نێوانیان هەندێ جار تێکەڵ بەیەکتر ئەبێت، چونکە ((جیاکردنەوەی نووسەك لە گیرەك و لە پرتك و لە وشەی سەربەخۆ لە کوردیدا....زۆر لەو گیروگرفتانە چاردەکات کە دێنە ڕێگەی جیاکردنەوەی مۆرفیمی وشەداڕێژ و

ڕێزمانی)).**(د.محەمەد مەعروف فەتاح و د.سەباح ڕەشید قادر:٢٠٠٦: ٣٢).**
ئەكرێت بە پوختی ئەم خاڵانە وەك جیاوازییەك لە نێوان گیرەك و نووسەك دیاریبكرێت:

١- بە وشەوە نالكێ، بەڵكو بە گرێیەوە.**(د.محەمەد مەعروف فەتاح و د. سەباح ڕەشید قادر: ٢٠٠٦: ٣٢).** نووسەك مەودایەكی تەسكی هەڵبژاردنی هەیە سەبارەت بە خانەخۆێیەكانییەوە.**(د. حاتم ولیا محمد:٢٠١٩: ١٢٧)**، وەك نووسەكی جێناو لە كوردیدا، كە دەتوانێت بە زۆربەی وشەكانەوە بلكێت، وەك:

كۆترەكەم كڕی........................................................................... بە ناوەوە لكاوە

خوێندكارە زیرەكەكەم لە ماستەر وەرگیرا.............................. بە ئاوەڵناوەوە لكاوە

دەشۆم.................................................................................... بە كردارەوە لكاوە.

كەمبینی..................................................................................بە ڕادەوە لكاوە

دەمنارد....................................................................................بە ئسپێكتەوە لكاوە

مردنم لە چاوی خۆم بینی.........................................................بە چاوگەوە لكاوە

٢- نووسەك بە زۆری خاوەنی دوو مۆرفە، یان لە دوو شێوە یان زیاتردا دەبینرێ، فۆرمێكی پڕ و فۆرمێكی كورتكراوە.**( سەرچاوەی پێشوو: ٢٠٠٦: ٣٣)**، لە كوردیدا هەندێ لە كلیتیكەكان بەپێچەوانەی گیرەكەكانەوە فۆرمی تەواوی جۆراوجۆریان هەیە بە هەمان شێوەكانی خۆیان.**(سەرچاوەی پێشوو: ٢٠١٩: ١٢٨).** واتە فۆرمێكی پڕ و فۆرمێكی كورت، وەك: (من .........م

تۆ ...........ت/یت

ئەو ..........ێت/ات

ئێمە.........مان/ ین

ئێوه.........تان/ ن

ئەوان ..... یان/ ن ) ...تد.

٣- بە پێچەوانەی گیرەکی ڕێزمانییەوە، نووســـەك دەتوانێ بە بنکەیەکەوە بنووسێت کە نووسەکێکی تری تێدابێت**(د.محەمەد مەعروف فەتاح و د. سەباح ڕەشید قادر:٢٠٠٦: ٣٣)**، واتە چەند نووسەکێك دەتوانن بەسەریەکەوە بێن لە ڕستەدا فۆرمی کۆمەڵێك یان هێشویەکدا دەربکەون و ببەسترێن بە ڕەگی کارەوە،**(یارا قادر: ٢٠١٣: ٥٨-٥٩)**. واتە کلیتیکەکان دەتوانن بەو وشانەوە بلکێن کە پێشـــتر گیرەکێك یان کلیتیکێکی تریان پێوە لکابێت، بەڵام گیرەکەکان ناتوانن.**(د.حاتم ولیا:٢٠١٩: ١٢٩)**. وەك:

- تۆ خوێندکارەکانت بینی

- تۆ خوێندکارێکت سزا دا ).

٤- گیرەکەکان ناوێزەیەکی مۆرفۆلۆجیی زۆرزیاتر لە وشـــە بە کلیتیکراوەکان نیشـــاندەدەن.**(هەمان ســەرچاوە:١٢٩)**، لەو کەرەســـانەی کە بە نووســـەك دائەنرێن ناوێزەیی تێدا ناکەوێ، بەڵکو ناوێزەیی زیاتر لە گیرکەکاندا دەبینرێ.بۆ نموونە هەندێ گیرەك بە تایبەتی (...پاشــگرە داڕشـــتنەکان بە پێچەوانەوە ناوێزە دروســـت دەکات، بۆ نموونە دەتوانین بڵێین: (دارەوان)، بەڵام ناتوانین بڵێین (دارەمەند)، یاخود پاشگری (یار) دەچێتە سەر هەریەك لە (کڕی) و ( ئەندازە) و(فرۆش) بەڵام ناچێتە ســـەر (نووس).**(پڕوانە: بازیان یونس محێدین:٢٠١٣: ٥٢-٥٣)**. ئەمەش ئەوە ئەگەیێنێ کە گیرەکەکان بەتایبەتی فەرهەنگییەکان ناوێزەیی تێئەکەوێت، بەڵام نووســـەکەکان بوونیان لەڕســـتەیەکدا پێویســـتە و واتا یان ئەرکیان ناگۆردرێ، بۆ نموونە لە ڕستەیەکی وەکو: ماڵەکەمان ڕووخا

نووسەکی (مان) تەنیا دەرپرین لە کەسی یەکەمی کۆ ئەکات

٥- وشـــە گیرەکدارەکان ناوێزەیی واتاییان زۆر زیاترە لە گرووپی کلیتیکەکان. واتە ئەو بەشـــــدارییە واتاییەی کە بەهۆی گروپی کلیتیکەکانەوە لە ڕستەیەکدا دروست دەبێت هەمان ئەو هاوبەشییەیە کە وشەیەکی تەواو دەیکات.**(هەمان ســـەرچاوە:١٢٩)**. یان ئەکرێت بوترێت کە کلیتیکی ( م) کە جێناوی لکاوە و دەربرین لە کەســـی یەکەمی تاك ئەکات هەمان ئەو مۆرفیمی (من)یە کە وەك جێناوی کەسی یەکەمی تاك بەکاردێت.

بە پێچەوانەی گیرەکەکانەوە کە مەرج نییە هەموو کات ئاماژە بۆ یەك چەمك بکەن، بۆ نموونە نیشـــانەی (ان)ی کۆ مەرج نیە هەموو کات دەلالەت لە

کۆی شتەکان یان وشەکان بکات، بەڵکو هەندێ جار ئەبێتە هۆی دەربڕینی کات، وەك (جاران، ساڵان ...هتد).

٦- نووسەك بە شێوەیەکی گشتی جۆرە سەربەستییەکیان هەیە لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ گرێ و بەشەکانی ڕستەدا، لە کاتێکدا ئەم جۆرە سەربەستییە لە گیرەکەکاندا بەدیناکرێ.**(Fattah:1997: 87)**.

ئەو کەرەسانەی بە نووسەك دانراوان لە زمانی کوردیدا:

تا ئێستا ڕایەکی یەکگرتوو نییە، لە دیاریکردنی ئەو کەرەسە یان بابەتانەی، کە ڕۆڵی نووسەك ئەبینن، هۆیەکەشی ڕادەی تێنەگەیشتنە لە چەمکی نووسەك و تێکەڵکردنی ئەو چەمکە لەگەڵ گیرەکەکاندا، بەتایبەتی لەگەڵ گیرەکی ڕێزمانیدا، هەروەها پۆلێنکردنی مۆرفیمەکانی زمانی کوردی بەپێی تیۆری مۆرفیمەکان تا ڕادەیەك جۆرە دوودڵییەکی لای هەندێ دروستکردووە، کە نەتوانن بە شێوەیەکی ڕەهایی بڕیار لەسەر ئەو مۆرفیمانە بدەن، کە واتا یان ئەرکی نووسەك ئەگەیێنن. هەروەها بوونی پێنا سە جۆربەجۆرەکانیش هۆکارێکی ترن، هەیە بە وشەی دانانێ و هەیە بە جۆرێك لە وشەی سینتاکسی، یان گیرەکی مۆرفۆلۆجی دائەنێ، هەندێکیش بە وشەی بەندی داناوە و ڕوای بەوە نییە، کە شتێك هەبێت پێی بوترێت وشەی بەند، لەڕوانگەی ئەوەی وشە ئەبێ سەربەخۆ و واتاداربێ، بەڵام ئەوەیان لە یادچووە، کە وشە مەرج نییە هەر واتاداربێ، بەڵکو بێجگە لە واتا ئەکرێت ئەرکی هەبێت، ئەکرێ ئەمانەی خوارەوە بە نووسەك دابنرێت:

- **<u>ڕاناوە لکاوەکان</u>** (زۆربەی ئەو نووسەرانەی کە ناوی سەرچاوەکانیان لەم توێژینەوەیەدا هاتووە، ڕاناوەکانیان بە نووسەك لە قەڵەم داون).

- **<u>نیشانەی ناسیاوی</u>** (هەندێ بە نووسەکی داناوە و هەندێکی تریش بە نووسەکی دانانێت، کە لە جێیەکی تری ئەم توێژینەوەیە و لە تەوەرەی هەڵسەنگاندنەکانی کارەکانی پێشوو باسی لێوەکراوە).

**<u>نیشانەی نەناسیاوی</u>** (هیچ کەسێك بە نووسەکی دانەناوە، تەنها د.ڕەفیق شوانی نەبێت کە لە کتێبی / وشەسازی زمانی کوردی بە نووسەکی لە قەڵەم داوە) لە هەڵسەنگاندنی کارەکانی پێشوودا ئاماژەمان پێکردووە، خۆمیش بەهەمان شت لەگەڵ ئەوەم کە نیشانەی نەناسیاوی بەپێی مەرج و تایبەتمەندییەکانی نووسەك ئەکرێت بە نووسەك لە قەڵەم بدرێت، لەبەر ئەوەی توانای جووڵەی هەیە، کە ئەمەش یەکێکە لە

تایبەتمەندییەکانی نووســـەك، هەروەها وشـــەکە لەپاش خۆیەوە دادەخات بەڕووی گیرەکە ڕێزمانییەکان.

- **(ان)ی** کۆش هـەنـدێ بـە نووســـــەکی دانـاوە و هـەنـدێکی تریش بەنووســـەکی دانەناوە، کە لەگەڵ نیشـــانەی ناســـیاوی (ەکە)دا بێت بەنووسەك ئەژمێردرێت، چونکە توانای جووڵەی ئەبێت.

-**پاشـــبەندی(ەوە)**ش هەندێکی بە نووســـەکی دائەنێ بەپێی ئەوەی بەزیاتر لە کەرەسـەیەکەوە ئەنووسـێ و هەندێکیش بە نووسـەکی دانانێ. پاشـــبەندی (ەوە) بەپێی فرەئەرکییەکەیەوە و هاتنی لەگەڵ کەرەســـەی جیاوازدا ئەکرێت بە نووسەك دابنرێت، چونکە توانای پێوەنووسانی بە گەلێك شوێن و ژینگەی سینتاکسییەوە هەیە.

ئەو کەرەســـانە و هەندێکی تریش لە تەوەرەی هەڵســـەنگاندنی کارەکانی پێشـــوو باســـی لێوەئەکەین و نووســەکی و نەنووســەکیی ڕوون ئەکەینەوە و بڕیاری خۆمانی لە بارەیەوە ئەدەین، بەپێی مەرج و بنەما و تایبەتمەندییەکانی نووســـەك و جیاکردنەوەیان لەگەڵ گیرەکەکاندا. ئەوەی جێی داخە هەندێ لەوانەی باسـیان لە نووسـەك کردووە، بەهەڵە هەندێ مۆرفیمی بەندی ڕێزمانیان بە نووســـەك لەقەڵەم داوە، یان لەبەرئەوەی نەیانزانیوە کە بەزۆریی نابێ دوو مۆرفیمی ڕێزمانی لە کۆتایی وشـــەدا بە دوای یەکدا بێت، بۆیە زۆرجار ئەوە بۆتە هۆی تێکەڵکردنی هەردوو چەمکی نووسەك و گیرەك لەگەڵ یەکتریدا.

بەشی دووەم: هەڵسەنگاندن و بەسەرکردنەوەی کارەکانی پێشوو:

لێرەدا گرنگـە گـەشـــتێـك بـەنێو ئـەو کـارانـەدا بکرێـت، کـە لـەبـارەی نووســـەکەوە ئەنجام دراون. بەپێی پێویســـت و پاش گەڕان ئەوەندەی کرا، ئەو ســـەرچاوانە کۆکرانەوە کە بە ڕاســـتەوخۆ یان ناڕاســـتەوخۆ باســـیان لە نووســـەك کردووە. بۆیە لەبەر پێویســـتی توێژینەوەکە و ســـوود گەیاندن بەوانەی ئەم توێژینەوەیە ئەخوێننەوە، ئاگایان لەو کارانە هەبێت و ڕاوبۆچوونی خۆیان لەبارەوە بڵێن. لێرەشـدا هەر کارێك یا بابەتێك باسـی لە نووســـەك کردبێت و بێجگە لەوەی باســـی خاڵە گرنگەکانی ئەکەین، لە هەمان کاتیشـــدا هەڵســـەنگاندنی زانســـتی بۆ ئەکەین و ڕاوبۆچوونی خۆمانی لەبارەوە دەخەینەڕوو، هەرکارێکیش کەموکووڕی لێ بەدینەکرێت تەنها ئاماژەیەکی خێرا بە گرنگترین خاڵەکانی ئەکەین.

هەندێ لەوانەی بایەخیان بە زمانی کوردی داوە، یان دابوو، بەهیچ شێوەیەك لە کاروانی زانستی خۆیان و لە دووتوێی کارە زمانەوانییەکانیان بەهیچ شێوەیەك باسیان لە کەرەسەیەکی گرنگیی وەك (نووسەك) نەکردوون، تەنانەت هەندێ لەو زمانەوانە پسپۆڕێتیان لەو بوارەشدابووە، یان نزیك بووە لەو بوارەدا. لێرەدا ناکرێت ناوی سەرجەم ئەوانە بهێنرێت، لەوانەیە هۆکاری تایبەتی خۆیان هەبوویێت کە بایەخیان بەو بابەتە گرنگەی بواری مۆرفۆلۆجی و ڕستەسازی نەدابێت.

- د.عەبدولواحید موشیر دزەیی لە کتێبی (وشەسازی زمانی کوردی) لە لاپەڕە (٥١) بابەتی (جۆرەکانی مۆرفیم لە زمانی کوردیدا) مۆرفیمی دابەش کردووە بۆ دوو بەش (مۆرفیمی لێکسیکی) و ( مۆرفیمی زیادە)، مۆرفیمی زیادە شی دابەشکردووەتە سەر (گیرەك) و (نووسەك). لەبارەی نووسەك ئاماژەی بەوەکردووە، کە ڕاناوە لکاوەکان و هەندێ گیرەکە ڕێزمانییەکان دەگرێتەوە، وەك: م، ت، ن...هتد، یان مۆرفیمەکانی ناساندن وەك، (ەکە)، مۆرفیمی (ان)ی کۆ...هتد.

پاشان ئەوەشی وتووە کە نووسەك (بەرگر) و (دواگر)ی هەیەو جەختیشی لەوە کردۆتەوە کە نووسەك وەك بەرگر لە زمانی کوردیدا بوونی نیە.**(د.عبدوالواحیدموشیر دزەیی:٢٠١٥: ٥١).**

ئەوەی جێی سەرنجە لێرەدا زۆر بە خێرایی بەسەر باسێکی گرنگی وەك نووسەکدا تێپەڕیوە و بایەخێکی زۆری بەو بنەما و مەرج و ئەو ڕوونکردنەوانەی، کە پێویست بوون بۆ ناسینەوەی نووسەك و جیاکردنەوەیان لەگەڵ گیرەکەکاند نەکردووە.

د.ڕەفیق شوانی لە کتێبی (وشەسازی زمانی کوردی) لە لاپەڕە (٩٤) باسی نووسەکی کردووە و زاراوەی (وشەبەست-clitic)ی بۆ داناوە. سەرەتای باسەکەی بە پێناسەیەك دەستپێدەکات، لە پێناسەکەدا جەختی لەوە کردۆتەوە، کە نووسەك لە پێش و پاشی وشەوە دێت و کۆتایی بە پێکهێنانی وشەکە دەهێنێ. ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە نووسەك وەك بەرگر لە زمانی کوردیدا نییە و نموونەشی بۆ سەلماندنی وتەکەی نەهێناوەتەوە.**(بڕوانە: د.ڕەفیق شوانی:٢٠١١: ٩٤).** لە کۆتایی پێناسەکەیدا ژمارە (١)ی داناوە ولە پەراوێزدا-واتە لە پەراوێزی ژمارە (١)- ئاماژەی بۆ کتێبی (محمد ئەمین هەورامی)ی کردبوو، کە ڕەخنەی لە پێناسەکەی گرتبوو بەوەی کە (محمد ئەمین هەورامی) لە بارەی نووسەکەوە وتوویەتی: (...کۆتایی بە وشە دەهێنی...).**(بڕوانە: محمد ئەمین هەورامانی:١٩٨١: ١٧٩)**، بێ ئەوەی بڵێت لە چ ئاست و لە چ ڕوویەکەوە

*Journal of Language Studies* Vol. 4, No. 1, Autumn 2020, Pages (247-275)

کۆتایی پێدەهێنێت.**(بڕوانە:د.ڕەفیق شـــوانی:٢٠١١: ٩٤)**، ئەوەی لێرە جێی ســـەرنجە ئەوەیە، کە محمد ئەمین هەورامی لە لاپەڕە (١٧٩) کتێبەکەیدا باســـی بابەتی نووســـەکی نەکردووە، بەڵکو باســـی مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی کردووە و وشەی (بەندی کۆتایی –inflectional affixes) بۆداناوە و بەم شێوەیە پێناسەی ئەکات:

بەندی کۆتایی: ئەو پاشبەندانەی کە دەلکێن بە پاشکۆی وشەوە و کۆتایی پێ دەهێنن زۆرن.**(محمد ئەمین هەورامی:١٩٨١: ١٧٩)**.

د.ڕەفیق شوانی لەو نووسینەیدا ڕەخنە لەوانە ئەگرێت، کە نووسەکیان بە وشەی بەند داناوە و ئەڵێت وشەبەست وشە نییە و مۆرفیمێکی بەندی ڕێزمانییە. لێرەدا ئەوەی جێی ڕوونکردنەوەیە ئەوەیە، نووســەك وشــەیەکی سینتاکسییە و لە جیاتی وشەیەك لە ڕستەدا دائەنرێت و لەڕووی پۆلێنی مۆرفیمەکانیشــەوە ئەچنە خانەی مۆرفیمی بەندی نووســەك، لەبەرئەوەی مۆرفیمی بەند لە پۆلێنکردنیدا دابەش ئەبێتە ســـەر (بنکەی بەند/ڕەگ) و ( گیرەك ڕێزمانی و داڕشـــتن) و (نووســـەك).**(لەبارەی پۆلینی مۆرفیمەکانەوە، بڕوانە: د.محەمەد مەعرووف فەتاح و د.ســـەباح ڕەشـــید قادر، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی، سلێمانی،٢٠٠٦، ل٢٩.)**.

باســـی تایبەتییەکانی نووســـەکی کردووە و بەڵام بەلای هەندێ خاڵی گرنگی ئەو تایبەتییانەدا نەچووە، بۆ نموونە توانای جووڵە و پێکەوهاتنی چەند نووســەك پێکەوە و جیاوازی لەگەڵ گیرەکدا و خاوەنی فۆرمی پڕە یان کورتە...هتد. یەکێ لەو خاڵە گرنگانەی کە ورووژاندوویێتی لە پەراوێزی ژمارە (٣)ی لاپەڕە (٩٤) ئەوەیە، کە نیشـــانەی نەناســـیاوی بە نووســـەك داناوە، بەڵام دیاری نەکردووە کامیان (ێك) یان (یەك).بێگومان نیشـــانەکانی نەناســـیاوی بە نووســـەك لەقەڵەم ئەدرێن، بەپێی ئەوەی توانای جووڵەیان هەیە، وەك:

کتێب**ێك**م کڕی..............(بە بنکەوە لکاوە).

کتێبە کۆن**ێك**م کڕی......( دەجووڵێت)

لە هەمان لاپەڕەی کتێبەکەیدا ئاماژەی بەوە کردووە، کە وشـــەی بەند نییە، چونکە وشـــە واتادار و ســـەربەخۆیە. لێرەشـــدا ئەبێ ئەوە بڵێین کە ئەگەر باســەکە لەبارەی نووســەکیشــەوە نەبێت، کە وەك وشــەیەکی بەند دەرئەکەوێت، یان بەشـــێوەی بەند دەرئەکەوێت، خۆ وشـــە ئەرکییەکان کە لەڕووی ڕواڵەتەوە ســـەربەخۆن، وەکو بەند دەرئەکەون و بەڵام لەڕووی واتاوە سەربەخۆنین، وەکو (پێشبەند، ئامراز)ەکان.

بەگشـــتی لەو کتێبەیدا کە یەك لاپەڕەی بۆ بابەتی نووســـەك تەرخان کردووە، توانیویێتی زۆر لایـەنی ئـەو بـابـەتـە بـاس بکـاو و بـە نموونـە و ڕوونکردنەوە باسـەکەی دەوڵەمەند بکات.

یارا قادر حەمەد لە کتێبی (مۆرفۆســـینتاکس لە شـــێوەزاری کۆیەدا) لاپەڕە( ٥٨ -٦٦) تەرخانکردووە بۆ نووســـەك. ســـەرەتا بە پێناســـەیەکی د.ڕەفیق شوانی دەستپێدەکات کە لە وانەی وشەسازی قۆناغی دووەمی بەشـــی کوردی کۆلێجی زمان ســـاڵی خوێندنی ٢٠٠٦-٢٠٠٧وەریگرتووە و پەراوێزی ژمارە (٦) بۆ داناوە، لەپەراوێزدا ئاماژەی بەســـەرچاوەی وەرگرتنی ئەو پێناسـەیە کردووە، کە باشتر و زانستی تر وابوو لە کتێبەکەی خۆی، یان هـەر ســـەرچـاوەیـەکی ترەوە وەریگرتبا. جـەخـت لـەوە ئـەکـاتـەوە، کـە نووســـەکەکان ناتوانن بە تەنیا دەربکەون ...دەکرێت چەند نووســـەکێك بەیەکەوە بێن لە ڕســـتەدا. ڕاناوە لکاوەکانی بکەری و بەرکاری بە نووســەك لە قەڵەم داوە، لە بەر ئەوەی یەك بنکە هەڵنابژێرن و ئەرکی ڕێز مانی جێبەجێی ئەکەن.**(پڕوانە: یارا قادر حەمەد:٢٠١٣: ل٥٨).**

خاڵێکی گرنگ کە ئاماژەی پێکردووە، پۆلێنکردنی نووســـەکەکانە، کە دابەشـــی کردووە بۆ (پێش بەســـت ) و (پاش بەســـت) بە کورتیش ڕونکراوەتەوە، بێ هێنانەوەی نموونە بۆ هەردوو جۆرەکە. ئەوەشـــی وتووە کە (هەندێك جار پێشبەستەکان دەتوانن ئەرکی پاشبەستەکان ببینن، بۆ نموونە: ڕاناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی (م، ت، ی، مان، تان، یان)، بەپێی بوونی کـەرەســـتـە جیـاجیـاکـان لـەڕســـتـەدا شـــوێنی خۆی ئـاڵۆگۆڕ دەکات...).**(هەمان سەرچاوە:٦٠)**. بە نموونەوە ئەو مەبەستەی ڕوونکردۆتەوە.

بە هەشـــت خاڵ باســـی لە تایبەتمەندییەکانی نووســـەك کردووە، بە شـــێوەیەکی زانســـتیانە لێی دواوە و نموونەی بۆ دەوڵەمەندکردن و پشـــتڕاســـتکردنی هەر لە یەك لەو تایبەتمەندانە هێناوەتەوە. لەبەرئەوەی کتێبەکەی تەرخانکردووە بۆ مۆرفۆســـینتاکســـی کۆیە، بۆیە لە خاڵی هەشـــتەمی تایبەتییەکان باس لە بوونی ســـێ مۆرف بۆ نووســـەکەکان ئەکات، کەچی خۆی نووســـەکەکان خاوەنی دوو یان لە دوو شـــێوەدا زیاتر دەبینرێن...**(پڕوانە: هەمان سەرچاوە:٦٤).**

یارا قادر لەم باسـەیەدا وەك نووسـەك تەنها ڕاناوە لکاوەکانی بە نووسـەك داناوە و ئاماژەی بۆ نووسەکەکانی تری زمانی کوردی نەکردووە.

د.محمد مەعروف فەتاح و د.ســـەباح ڕەشـــید قادر لە کتێبی (چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی)(ل٣٢-٣٤)، لەڕێی باســـی جیابوونەوەی

نووســەك لە گیرەدا، باســی تایبەتمەندییەكانی ئەو جیابوونەوەیان كردووە، بەوەی كە نووسەك:

١- بەوشەوە نالكێ، بەڵكو بەگرێوە دەلكێ.

٢-دوو فۆرمی هەیە، پڕ و كورتكراوە.

٣-بەبنكەیەكی ترەوە دەنووسێت، كە نووسەكێكی تری تێدایێت.

٤-ناوێزەیی مۆرفۆلۆجی تێناكەوێت.

٥- ناوێزەی واتایی لە نووســـەكدا ڕوو نادات.**(د.محەمەد مەعروف فەتاح و د.سەباح ڕەشید قادر:٢٠٠٦: ٣٢-٣٤).**

ئەمانە بە پوختی ئەو تایبەتمەندییانەبوون كە دیاریكراون بۆ نووســەك، لە ڕێی شـــیكردنەوە و ڕوونكردنەوەی ئەو خاڵانە ئاماژەشـــیان بۆ ئەو كەرەسانەكردووە، كە ڕۆڵی نووسەك ئەبینن، تەنها نیشانەی نەناسیاوی (ێك)یان بە نووســـەك نەژماردووە، كە بەلای ئێمەوە تایبەتمەندییەكانی نووســـەكی تێدایە. هەروەها ئاماژەیان بۆ تایبەتمەندییەكی تری نووســـەك نەكردووە، كە (جووڵە)یە، واتە نووسەك ئەبێ توانایی جووڵەی هەبێت.

<u>صـــالح عبداللە بابكر</u>، لە نامەی ماســـتەرەكەیدا بە ناوی (ڕێبازی مۆرفۆلۆجیی فەرهەنگی لە شـــیكردنەوەی گیرەكەكانی زمانی كوردیدا)، لەگەڵ ئەوەی نامەكەی و بەپێی ناونیشـــانەكەی پیویســـتی بەوە نەبووە باســـی نووســـەك بكا، بەڵام لە دیاریكردنی ئەركە جیاوازەكانی مۆرفیمی (ەوە) و لە خاڵی (٣)دا، بە كورتی ڕۆڵی (ەوە)ی وەك نووسەك دەرخستووە و ئەڵێت: (هەرچۆنێك بێت ئەو پاشـــگرە دەكرێت، بەهۆی فرە چالاكی پاشــگرەكەوە بە نووســەك دابنرێت، چونكە توانای پێوەنووســانی بە گەلێك شوێن و ژینگەی سینتاكسییەوە هەیە ...) بۆ نموونە:

لە - ئەوە - وە　　　　بە جێناوەوە نووساوە

بە ماڵ – ەوە　　　　بە ناوەوە نووساوە

ئەوان هاتن – ەوە　　　　بە نووسەكەوە نووساوە

هاتەوە　　　　بە قەدی كارەكەوە نووساوە

هاتنەوە　　　　بەچاوگەوە نووســـاوە ......**(بڕوانە: صـــالح عبداللە بابكر:٢٠١٦: ٩٥).**

شـــێروان حوســـێن حـەمـەد لـە کتێبی (توانـای مۆرفیمی بـەنـد لـە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا) و لە لاپەڕە (١٠٢ – ١٠٨) باسی لە (نووسەك) کردووە، گرنگترین ئەو خاڵانەی تایبەت بن بە نووســەك ئەوەیە، کە پێناســەی نووســەکی کردووە و ئاماژەی بەوە کردووە، کە (چەشنێك لە مۆرفێمی بەند، بەپێی چەند سیمایەکی تایبەتیان و جیاواز لە گیرکەکان، ناونراون، نووســەك).**(شــیروان حســێن حەمەد:٢٠١٦: ١٠٢)**.هەندێ تایبەتمەندییەشـــی دیاریکردووە، بۆ جیاکردنەوەیان لە گیرەك. زۆر خاڵی ورووژاندووە، وەك سیمایەك بۆ نووسەك، بەڵام ئەوەی جێی باس بێت لەو باســەیدا ئەوەیە، کە بۆ نیشـــانەی ناســـیاوی (ەکە)ی زاراوەی (نیمچە نووســەك)ی داناوە، کە ئەمەش تا ڕادەیەك لە ڕووی زانســتییەوە بەگونجانی نازانین، چونکە هەر کەرەسـەیەك کە ببێتە نووسـەك، یا ئەوەتە نووسەکە یا ئەوەتە نووسەك نییە، لەبەرئەوە شـە وای وتووە، چونکە ئاماژە بەوە ئەکا، کە ئەڵێ (لە زمانی کوردی و فارســـیدا، ئەوانەی بە گیرەکی ڕێزمـانی دانراون، هـەنـدێکیـان توانـای گۆڕینی بنکـەکـانیـان هـەیـە، وەکو مۆرفێمی / - ەکە/ لە زمانی کوردیدا، لە هەندێ باردا، بنکەکەی بەجێ دەهێڵێت و دەچێتە ســـەر وشــەیەکی تر...)،**(هەمان سـەرچاوە: ١٠٥)**، بەڵام پاش ڕوونکردنەوەیەکی زۆر ئەگاتە ئەوەی ، کە ئەڵێ (ناتوانین هەر یەك لە مۆرفێمەکانی / -ەکە /ی و /-ی/ فارســـی بە گیرەك دابنێین، چونکە وەکو مۆرفێمی فـەرهـەنگی و ڕێزمـانی پێڕەوی یـاســـای ســـینتـاکســـی دەکەن)،**(هەمان ســـەرچاوە: ١٠٦)**. ئاماژەشـــی بەوە داوە، کە مۆرفێمی نەناســـیاوی (ێك) توانای جووڵەی نییە، لەگەڵ هەر دیارخەرێك، بۆیە بە گیرەك دادەنرێت، چونکە توانای جووڵە و گۆڕینی بنکەی هەیە)،**(هەمان ســەرچاوە:١٠٥)**، کەچی بەلای ئێمەوە مۆرفیمی نەناســـیاوی (ێك) بە نووسەك دائەنرێت، چونکە توانای جووڵەی هەیە و لە هەمان کاتیشدا وەك مۆرفێمی ناســـیاوی (ەکە) وەك نووســـەکێك وشـــە دادەخات، هەروەها مۆرفێمی نەناسیاویش ئەتوانێ وشـەدابخات، وەك:

کتێبیکم کڕی .............(لەسەر بنکە)

کتێبە کۆنێکم کڕی......(توانای جووڵە)

باســـی لە جۆرەکانی نووســـەك کردووە، و بەپێی دەرکەوتنیان ئاماژەی بۆ هەردوو جۆری (بەرگر) و (دواگر) کردووە، وەك دوو جۆری نووسـەك. بەرگر و دواگریش بەپێی جۆری زمانەکان و تایبەتمەندێتییان گۆڕانی بەسـەردا دێت. لە کۆتایی باسەکەی بە پشت بەستن بە سەرچاوەی زانستی لە بارەی نووســـەکەوە ئەگاتە ئەوەی کە ئەڵێ نووســـەك (ڕەگەزێکی زمانییە کە هەندێ تایبەتمەندیی وشـــەی تێدایە و هەندێ ســـیمای گیرەکیشـــی

هەیە).**(هەمان سەرچاوە:١٠٧)**. سیمای وشەییان لە پیشاندانی ئەرکی سینتاکسی و ڕێزمانیدایە، سیمای گیرەکیشیان لەوەدایە کە سەربەخۆ بەکارناهێنرێن و هەمیشە بە پێش و پاشی وشەوە ئەلکێن، بەڵام بە بەشێك لە وشەکان ناژمێردرێن.

<u>بازیان یونس محێدین</u> لە کتێبی (پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاکس)ەوە، لە لاپەڕە (٤٩ – ٥٥). باسی بابەتی (نووسەك)ی کردووە، ئاماژە بۆ ئەوە ئەکا، کە جۆرە تێکەڵییەك لە نێوان نووسەك و گیرەکدا هەیە،**(بڕوانە: بازیان یونس:٢٠١٢: ٤٩)**، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە و بەپێی تایبەتمەندییەکانی نووسەك ئەو لێڵییە نامێنێ، کە لە جێیەکی تری ئەم توێژینەوەیەدا باسی لێوەدەکەین. ئاماژەی بۆ هەندێ لەو کەرەسانە کردووە، کە ئەبنە نووسەك وەك (جێناوە لکاوەکان، مۆرفێمەکانی نەفیکردن، نیشانەی ناسیاوی و ئەلۆمۆرفەکانی)، سەرەڕای ئەوەی ئاماژەی بۆ زۆر لەو کەرەسانە نەکردووە، کە ئەبێتە نووسەك وەك (نیشانەی نەناسیاوی و نیشانەی کۆ و پاشبەندی ەوە ...هتد). کەچی نیشانەکانی (نەفیکردن یان نەرێکردن)یشی بە نووسەك داناوە، نیشانەکانی نەرێکردن بەهیچ شێوازێك نابنە نووسەك و هەر بە گیرەکی ڕێزمانی ئەمێننەوە و لەبەرئەوەی تواتای جووڵەیان نییە و تەنها بۆ نەرێکردن لەگەڵ قەد یان ڕەگدا دێن . لە جێیەکی تردا و لە خشتەیەکدا شەش خاڵی جیاوازی نێوان نووسەك و گیرەکی کردووە، کە ئەویش لەسەرچاوەی ترەوە ئەو خالانەی وەرگرتووە و لە شوێنێکی تری ئەم توێژینەوەیە ئاماژە بە هەندێ خاڵیان ئەکرێت.**(بڕوانە: بازیان یونس محێدین: ٢٠١٢: ٥٠)**. شیکردنەوەیەکی تێروتەسەلی بۆ ئەو شەش خاڵە جیاوازییە کردووە و بە نموونە هێنانەوە و پشت بەستن بەسەرچاوەی تر باسەکەی زانستی تر و دەوڵەمەندتر کرووە.**(بڕوانە: هەمان سەرچاوە: ٥١-٥٢)**.

<u>د.حاتم ولیا محمد</u> لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی (مۆرفۆلۆجیی) لە لاپەڕە (١٢٣- ١٣٠) باسی نووسەکی کردووە، باسی ئەم خاڵە گرنگانەی کردووە:

کلیتیکی بە جۆرێك لە مۆریمی بەند داناوە، کە بەهۆی چەند یاسەیەکی سینتاکسییەوە بە وشەی سەربەخۆوە دەلکێنرێت.**(د.حاتم ولیا محمد: ٢٠١٩: ١٢٣)**. لە ڕووی زاراوە و جۆرەکانی نووسەك ئاماژەی پێکردووە، و کە لە باسەکانی سەرەوەدا ئاماژەمان پێی داوە. لە لاپەڕە (١٢٦) ئاماژەی بەو سەرچاوانە داوە، کە باسیان لە نووسەك کردووە و ئەویش بە پشت بەستن بەو سەرچاوانە، کۆمەڵێك کەرەستەی بە نووسەك داناوە، لەوانەش ( جێناوی لکاوی بکەریی و بەرکاری، نیشانەکانی ڕێکەوتن، پاشگرە پچڕاوەکانی (ەوە) و (دا) ، نیشانەی کۆو ئەلۆمۆرفەکانی، نیشانەی

ناســـیاری و ئەلۆمۆرفەکانی)،**(د.حاتم ولیا محمد:٢٠١٩: ١٢٧)** لێرەدا ئەبوو نموونە بۆ ئەو کەرەسانە بێنێتەوە کە بە نووسـەکی لە قەڵەم داوە، نموونەی بۆ چەند دانەیەکی هێناوەتەوە، بەڵام بۆ هەندێکیان نموونەی نەهێناوەتەوە. وەك نموونـە بۆ (پـاشـــگرە پچڕاوەکـانی – ەوە - و – دا . پێش کۆتـایی بـاســـەکـەی پێنج خـاڵی جیـاکـەرەوەی نێوان گیرەك و نووســـەك هێناوەتەوە.**(هەمان سەرچاوە:١٢٧)**، کە لە باســەکانی پێش ئەمە ئاماژەمان پێکردووە.

امیر محمد محمدامین لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی (وشەی ئەرکی لە زمانی کوردیدا) لاپەڕە (٥٦- ٥٧)ی بۆ نووســـەك تەرخانکردووە. بەپێی ئەو دوو سەرچاوەیەی کە پشتی پێبەستووە، بەمشێوەیە پێناسەی نووسەکی کردووە، کە(مۆرفیمێکی بەندی ڕێزمانییە، لە وشە دەچێت بەڵام بەپێی ئەو تایبەتییەی کە هەیەتی بە تەنیا لە گوتندا بەکارنایەت، لەبەر ئەوەی پێکهاتەیەکی ناسەربەخۆی هەیە، لەگەڵ وشە بەیەکەوە دێن و پێکهاتەیەك دروســـت دەکەن و کۆتایی بە پێکهێناتنی وشـــەکە دەهێنێت).**(امیر محمد محمدامین: ٢٠١٦: ٥٦)**. ئەم پێناسەیەشی لە ( دیڤید کرستاڵ ) و (د.ڕەفیق شوانی)یەوە وەرگرتوە و ئاماژەشی بەسەرچاوەکانیان کردووە. ئەوەی جێی ســـەرنج بێت ئەوەیە کە بەپێی پۆلێنی مۆرفیمەکان بە مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی داناوە، کەچی خۆیان – واتە نووسەکان – لە پۆلێنکردندا خانەیەکی تایبەتیان هەیە بەناوی مۆرفیمی نووسەك ، ڕاستە وەکو بەند دەرئەکەوێت بەڵام دەکرێت پێیان بوترێت مۆرفیمی بەندی نووسەك.

بۆ نموونە:

_ بەڕێگەوەن لەم نموونەیە:

ن ..... مۆرفیمە ( بەندە، دواگرە، نووسەکە).

لە شـــوێنێکی تردا ئەوەی وتووە کە نووســـەك (...بە وشـــە دەنووســـێت و دۆخێکی ڕێزمانی درووست دەکات)،**(هەمان سەرچاوە:٥٦)** نووسەك تەنها بە وشەوە نانووسێت بەڵکو بە گرێشەوە دەلکێت، وەك لە نموونەی ( لە زانکۆم ...).

باسی فۆرمەکانی نووسەکی کردووەو ئەمانەی بە نووسەك داناوە (جێناوی لکاو، مۆرفیمی نەفیکردن، نیشانەی ناسیاوی و ئەلۆمۆرفەکانی، نیشانەی کۆ، مۆرفیمی بەندی بانگکردن وەك: ە : کاکە، ۆ: خاڵۆ، ی: میمی، ێ: کچێ، ینە: کچینە/کوڕینە) پاشـــناوەکان وەك: (دا: لە ماڵەکەدا، ەوە: لەژوورەوە، ڕا: لە کەرکوکڕا، وە: بەدەرگاوە).**(هەمان سەرچاوە:٥٦-٥٧)**. ئەوەی

جێی سـەرنجە ئەوەیە، کە نووسـەکی لەگەڵ گیرەکدا جیانەکردۆتەوە و باسی ئەو بنەمایانەشی نەکردووە کە ئەبێتە خاڵی جیاوازی نێوانیان، جگە لەمەش ئەو نموونانەی بۆ نوسـەکی دیاریکردوە، هەندێکیان نووسـەك نین، بۆ نموونە، (مۆرفیمەکانی نەرێکردن) بەهیچ شـێوەیەك نابنە نووسـەك، چونکە توانای جووڵەی نییە، واتە بە بەشی جیاوازەوە نالکێت، جگە لەوەش بۆ ئەوانەی تریش نموونەی جیاوازی نەهێناوەتەوە کە تایبەتمەندی جوولە ڕوون بکاتەوە، کە خاڵێکی سـەرکییە و یەکێکە لەتایبەتمەندییەکانی نووسەك.

<u>حەیدەر حاجی خدر</u> لە نامەی ماسـتەرەکەیدا بەناونیشـانی (تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆژییەکانی زمانی کوردی لە ڕوانگەی پۆلینی مۆرفۆلۆژیانەی زمانەکانەوە) لاپەڕە (٨٨- ٩٧) تەرخانکردووە بۆ نووسەك. لەو نامەیەیدا تەنها ئاماژەی بە دوو دەسـتە نووسـەك کردووە، کە مەبەسـتی دوو دەسـتەی جێناوی لکاوەکانە، بێ ئەوەی ئاماژە بۆ هیچ کەرەسـەیەکی تر بکات وەکو نووسـەك.**(بڕوانە: حەیدەر حاجی خدر:٢٠١٠: ٨٨)**، سـەرەڕای ئەوەش بە نێروتەسەلی لەو دوو دەستە جێناوە دواوە و باسی لایەنکانی و تایبەتمەندییەکانی نووسەکی بەپێی ئەو دوو دەستەیە کردووە.

<u>د.کوردسـتان موکریانی</u> لە کتێبی (زمانی کوردی مۆرفۆلۆژیا)دا لاپەڕە (١٥)ی تەرخانکردوە بۆ نووسەك. زۆر نەچۆتە ناو قووڵایی باسی نووسەك، تەنها ئەوەندە هەیە پێناسەیەکی نووسەکی کردووەو نموونەکانیشی تەنها لە بواری جێناوەکاندا هێناوەتەوە، ئاماژەی بەهیچ کەرەسـەیەکی تر نەکردووە، کە بە نووسـەك لە قەڵەم بدرێت.**(د.کوردسـتان موکریانی:٢٠١٧: ١٥)**. وەك ئاماژەیەك بۆجیاکردنەوەی نووسەك لەگەڵ گیرەکدا تەنها ئەوەی وتووە، کە (نووسـەك لە زمانی کوردیدا لە دوو شـێوەدا، یان زیاتر خۆی دەنوێنێت، بۆ وێنە تۆ// - ت ئێوە// ن ، تان. کەچی گیرەك هەر تەنێ یەك شێوەی هەیە.)،(هەمان سەرچاوە:١٥).

<u>سـەعید کەرەمی</u> لە کتێبی (وشـەناسـیی زمانی کوردی) لاپەڕە (٦٦-٧٥) بۆ باسـی نووسـەك تەرخانکردووە، و زۆربەی لایەنەکانی نووسـەکی باسکردووە، لەڕووی پێناسە و جۆر و تایبەتمەندیی و چۆنێتی جیاکردنەوەی نووسـەك لەگەڵ گیرەکی ڕێزمانیدا. کە هەریەکە و لەبەشـی یەکەمی ئەم توێژینەوەیەدا باس کراوە و ئاماژە بۆ کتێبەکەی کراوە.

باسـی ئەوە ئەکات، کە ئەڵێ، (...نووسـەکان سـەرەتا وشـەیەکی تەواوبوون و بەهۆی گۆڕانکاری مێژووییەوە بەرەبەرە گۆڕانکارییان بەسـەردا هاتووە تا گەیشـتوونەتە بیچمی ناسـەربەخۆی ئێسـتا، تەنانەت بەو

حاڵەشەوە ناوەستن و لەوانەیە لە داهاتوودا ببنە گیرەکی وشەگەردان وەك چۆن گیرەکە وشەگەردانەکانی ئێستاش پێشتر نووسەك بوون).**(سەعید کەرەمی: ١٣٩٦: ٦٧)**. بۆ نموونە نووسەکانی (م، یت، ە، ین، ن، ن) کورتکراوەی جێناوی کەسی سەربەخۆن و لە جێی ناوێك دائەنرێن و سووککراوی کرداری پەیوەندی (هەیی)ن، کە ڕابردووکەی دەبێتە بوون.**(بڕوانە: کوردۆییف:١٩٨٤: ٢٧٢)، و(د.ئەورەحمانی حاجی مارف:٢٧٢:٢٠٠٠)**. هەروەها باسی لەوە کردووە، کە نووسەك بەپێی شوێنی پێوەلکان بە وشەکەوە پێی ئەڵێن (بەرگر) کە ئەو زاراوەی (پێشنووس) ی بۆ داناوە،و ئەگەر بە پاشی وشەکەوە بنووسی (دواگر)ی پێ ئەڵێن کە ئەو زاراوەی (پاشنووس)ی بۆ داناوە. ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە، کە نووسەکی دواگر لە بەرگرەکان زیاترن و هەندێ نموونەی بۆ نووسەکی بەرگر هێناوەتەوە، کە بەلای ئێمەوە نووسەکی بەرگر ئەستەمە هەبێت، بۆ نووسەکی بەرگر نموونەی (پێ، لێ)ی هێناوەتەوە لە نموونەکانی:

بە تۆم گوت .............پێگوتن

لە تۆم سەند.............لێ سەندن **(بڕوانە: سەعید کەرەمی:١٣٩٦: ٦٨)**.

لێرەدا (واتە لەو دوو نموونەیەی سەرەوەدا) هەردوو پێشبەندی ( بە، لە) بەهۆکاری ڕێزمانی شێوەی سەربەخۆی خۆیان لە دەست داوە و گۆڕاون بۆ شێوەی بەند، کە زۆربەی زمانەوانەکان بە نووسەکیان دانانێن.

باسی لە جۆرەکانی نووسەك کردووە و وەك نووسەکی (سادە) کە ئەڵێت، سادەکراو و سووکەڵەکراوی وشە تەواوەکەیە و (تایبەتی) کە ئەڵێت، لە وشەبوون شۆڕاتەوە و ڕەفتار و شوێنی تایبەتی بۆ خۆی دۆزیوەتەوە و نموونەی بۆ هێناونەوە. نووسەکی ڕێککەوتن و نووسەکی جێناویشی بە نموونە و ڕونکردنەوەی پێویست جیاکردۆتەوە.**(بڕوانە: هەمان سەرچاوە: ٦٨-٦٩)**.

بە دوورودرێژی باسی ئەو تایبەتمەندییانەی کردووە، کە نووسەك لە گیرەك بەتایبەتی گیرەکی ڕێزمانی جیائەکاتەوە. جەختیش لەوە ئەکاتەوە، کە (...سنووری نێوان نووسەك و گیرەکی وشەگەردان هێشتا هەر تەسك و ناسکە. ڕەنگە نموونەی وا هەبێت نەکرێت بڕیاری یەکلایی بدرێت کەسەر بە کامیانە).**(هەمان سەرچاوە:٧٢)**، لێرەدا ئەو جەختکردنە ڕاستە بەتایبەتی دەربارەی نووسەکانی ڕێککەوتنی (م، ت، ی، مان، تان، یان) جگە لەوەی نووسەکن، کەچی ئەرکی ڕێزمانیشیان لەئەستۆگرتووە، هەروەها نیشانەی نەناساوی جگە لەوەی مۆرفیمی بەندی ڕێزمانییە، لەهەمان

کاتدا ڕۆڵی نووســـەکیش ئەگێرێ، کە زۆربەی نووســـەران بە نووســـەکی دانانێن.

عومەر مەحموود کەریم لەنامەی ماســـتەرەکەیدا بەناونیشـــانی (کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ لە زمانی کوردیدا)، لە لاپەڕە (٦٦) بەکورتی باسی پێناسەی نووسەکی کردووەو دابەشی دوو جۆری کردووە: (پێش نووسەك) و (پاش نووســـەك) و جەخت لەوە ئەکات کە جۆری یەکەم لە زمانی کوردیدا نییە و جۆری دووەمیش جێناوە لکاوەکانە لە زمانی کوردیدا.**(پڕوانە: عومەر مەحموود کەریم: ٢٠٠٤: ٦٦)**. لەبەرئەوەی لەم نامەیەدا باسەکە بۆ کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ تەرخانکراوە، بۆیە زۆر بەکوورتی لەبەر پیویســـتی پەنای بردۆتە بەر ئەو پوختە کەمە.

**ئەبوبەکر عومەر قادر** لە نامەی دکتۆراکەی کە بەناونیشـــانی (بەراوردێکی مۆرفۆســـینتاکســـی لە زمانی کوردی و فارســـیدا)یە لە لاپەڕە (٢٣-٢٤) ئاماژەی بە ســـەرچاوەکەی (د.محمد معروف فتاح)کردووە، کە دەربارەی نووســـەکە، و ئەو خاڵانەی باســـکردووە، کە وەك بنەمایەك بۆ جیاکردنەوەی لەگەڵ گیرەکەکاندا بەکاردێت. کەچی وەك خۆی شـــتێکی ئەوتۆی لەبارەی نووســـەکەوە نەوتووە. **(پڕوانە: ئەبوبەکر عومەر قادر: ٢٠٠٣: ٢٣-٢٤)**. ئەو خاڵانەی کە د.محمد معروف فتاح باســـی لێوەکردوون، لەو کتێبەی کە لەگەڵ د.ســـەباح ڕەشـــید قادر دەریان کردووە، ئاماژەمان پێی داوە، بۆیە لێرە دووبارەی ناکەینەوە.

**د.محەمەدی مەحوی** لە کتێبی (ڕســـتەســـازیی کوردیی) لە لاپەڕە (٨٣) و پەراوێزی ژمارە (٢٩٥)دا ئاماژەی بەوە کردووە، کە ئەڵێت: ((زمانەکەمان جێناوی لکاوی بکەری subject clitics لە جێناوی لکاوی بەرکار object clitics جیاکردووەتەوە و بۆهەریەکەیان ژمارەیەکی دیارییکراوی هەیە و بۆ هەریەکەیان دانەیەکی ســـەربەخۆی بۆ ئامادەکردووین. ئەم جێناوە لکاوانە لە ڕســـتەی مۆفۆســـینتاکســـدا چالاکن)).**(د.محەمەدی مەحوی:٢٠٠١: ٨٣)**. لێرەدا تەنها ئاماژەی بە جێناوە لکاوەکان کردووە، وەك نووسەك.

**د.ئومێد بەرزان برزۆ لە درووســـتەی فرێز و ڕســـتە لە زمانی کوردیدا، لاپەڕە (١١٩-١٠٨)** بۆ باســـی نووســـەك تەرخانکردووە، کە بە پوختی باسی هەندێ لەو کارەوەی دەکەین:

پاش پێناســـەکردنی نووســـەك، دوو جۆریی بۆ دیاریکردووە: (پرۆکلیتیك و ئینکلیتیك). لەبارەی نووسەکەوەش ئەڵێ: نووسەك ئاکاری سینتاکسی وشـــەی هەیە، ســـەربەســـتە، بەڵام لەڕووی فۆنۆلۆجییەوە بەســـتراوە بە

وشەیەکی هاوسێیەوە.**(د.ئومێد بەرزان برزۆ:٢٠٢٠: ١٠٨)**. پاش ئەوەی جێناوە لکاوەکانی بە نووسەك داناوە و ڕۆڵی بکەر و بەرکار و خاوەنێتی و دیارخەری ئەبینن، ئەشڵێ بوونی ئەوانە ئەبێتە هۆیەکی سەرەکیی بۆ درووستبوونی کردەی مۆرفۆسینتاکسی. (هەمان سەرچاوە:١٠٨).

لە لاپەڕە (١٠٩-١١٢) هەشـــت خاڵی دیاریکردووە وەك تایبەتمەندییەك بۆ نووسەك، بە کورتی ئەمانەن:

١- نووسەکەکان هەمیشە مۆرفیمی بەندن. لێرەدا ئەبوایە ئەوەی دیارکردبا کە چ جۆرە مۆرفیمێکی بەندن، داڕشتن یا ڕێزمانی.

٢- نووســەکەکان بەزۆری خاوەن دوو فۆرمن، یان لە دوو شــێوە یان زیاتردا دەبینرێن. بێگومان لێرەدا مەبە ستی جێناوەکانە و هیچ کەرە سەیەکی تری مەبەســت نییە، کە نووســران مۆرفیمەکانی (ەکە) و (ێك) و (ان) و ...هتد، بەپێی مەرجەکان بە نووسەك لەقەڵەم ئەدەن.

٣- نووسەکەکان دەتوانن پلەیەکی نزم لە هەڵبژاردندا هەڵبژێرن.

٤- نووسەکەکان ئەتوانن دەتوانن بە بنکەیەکەوە بنوسێن، کە نووسەکێکی تری تێدابێت. واتە چەند نووســـەکەکێك بە دوای یەکدیدا بێن، وەك: هێنا<u>مـــــیان</u>

٥- کەس و ژمارە و ڕێککەوتن ســـێ واتای ڕێزمانین، کە لە هەموو نووسکەکاندا هەن.

٦- نووسەکەکان بەو فۆرمانەوە دەنووسن، کە نووسەك یان گیرکیان پێوەیە، بەڵام گیرکەکان ناتوانن بچنە ســـەر ئەو فۆرمانەی کە نووســـەکیان پێوەیە. واتە نووسەك بە دوای گیرەکدا دێت بەڵام پێچەوانە نابێت.

٧- نووسەکەکان هەموویان ڕێککەوتن نیشاندەدەن.

٨- بوونی مۆرفیمی سینتاکسی لە ڕستەدا بەخورتییە.

لێرەدا ئەو هەشـــت خاڵەی وەك تایبەتمەندیی بۆ نووســـەك دیاریکردووە، بەڵام مەرجیش دییش هەیە گرنگن، وەك تایبەتییەك بۆ بە نووســەك بوونی کەرەســەیەی، کە ئەویش (توانای جووڵە)یە کە ئەبێ نووســەکەکە بتوانێ جووڵەی پێبکرێ، و لەبەشی یەکەم باسی لێوەکراوە.

پاشــــان لە لاپەڕە (١١٢-١١٩) باســـی کلیتیکی (بکەری) و (بەرکاری) و (خاوەنێتی/دیارخەری) و (پێشـبەندی) کردووە و پێناســەیان کردووەو لێیانی کۆڵیوەتەوە و نموونەی بۆیان هێناوەتەوە.

هەروەها لە کتێبێکی تریدا بەناوی **(توێژینەوە زمانەوانیەکان)، بەرگی دووەم، لا پەڕە (١٥١-١٥٣)ی** ترخانکردووە بۆ جیاوازی نێوان (گیرەك و نووسەك) و حەوتی خاڵی جیاوازی نێوانیانی دیاریکردووە. تا ڕادەیەکی زۆر هەمان ئەو خاڵانەن کە لەسەرەوە ناویانی هێنابوو، بەڵام لێرەدا باسی تایبەتمەندی (جووڵە)ی بۆ نووسەکەکان کردووە، کە مەرجێکی سەرەکی بۆ سەلماندنی کەرەسەیەك کە سیفەتی نووسەکی تیابێت. لەو بارەیەشەوە، ئەڵی: نووسەکەکان توانای جووڵە و گواستنەوەیان لەچوارچێوەی ڕستەدا هەیە.**(د.ئومێد بەرزان برزۆ:٢٠٢٠: ١٥١)**، بۆ نموونە:

- خانووەکە**یان** بە من نەفرۆشت.

- بە من**یان** نەفرۆشت.

- نە**یان** فرۆشت.

- فرۆشت**یان**

ئەنجامەکان:

١- لە دیاریکردنی نووسەکەکانی زمانی کوردی ڕایەکی یەکگرتوو نییە و هەرکەسە و بە بۆچوونی خۆی باسی نووسەك و ژمارە و جۆرەکەی کردووە.

٢- زۆربەی زمانەوان و نووسەران تەنها جێناوە لکاوەکان بە نووسەك دائەنێن، بەڵام بەپێی تایبەتمەندییەکانی نووسەك ئەکرێ کەرەسەی تری وەك (نیشانەی ناسیاوی) و (نیشانەی کۆ) و (نیشانەی نەناسیاوی) و (پاشبەندی-ەوە-)ی دووپاتبوونەوەش بە نووسەك لە قەڵەم بدرێن.

٣- جێناوە لکاوەکان بەجۆری هەرەچالاکی نووسەك لە زمانی کوردیدا ئەژمێردرێن.

٤- نووسەکی دواگر لە زمانی کوردیدا هەیە، بەڵام بەرگر ئەستەمە هەبێت، تەنانەت ئەو نووسەکانەی لە پێشەوەش دێن، کەرەسەیەکیان لە پێشەوە دێت، ئەوجا ئەتوانن لە پێشەوە بێن. ئەمەش تایبەتی زمانی کوردیی دەرئەخات.

٥- دەکرێت وەك جۆرێکی سەربەخۆی بەندجیا لە بەندی ڕێزمانی تەماشابکرێت، لەبەرئەوەی خانەیەکی سەربەخۆ بەناوی مۆرفیمی بەندی نووسەك لە پۆلێنی مۆرفیمەکان داگیردەکەن.

٦- چەند نووســـەكێك بۆی هەیە بە دوای یەكدیدا بێن، كەچی گیرەكە ڕێزمانیەكان زۆر كەم ئەكرێت دوو دانە بە دوای یەكتریدا بێن.

٧- نووســـەكەكانی زمانی كوردی بەراورد بە هەندێ لە زمانەكانی تری بۆ نموونە زمانی ئینگلیزی ژمارەیان زیاترە.

٨- نووســـەكەكان كە لە دوای وشـــەكانەوە دێن، بەڕووی گیرەكەكانی تردا دایدەخەن، واتە ناهێڵن هیچ گیرەكێكی تر لە پاشیانەوە بێت.

٩- ناوێزەیی لە نووســـەكەكاندا نابینرێ- واتە بەڕێكوپێكی ڕەفتار ئەكەن پێچەوانەی گیركەكان كە ناوێزەیی مۆرفۆلۆژیی تێ ئەكەوێ.

## سەرچاوەكان:

**- بە زمانی كوردی:**


-١- ئەبوبكر عمر قادر(٢٠٠٣)، بەراوردێكی مۆرفۆســنتاكســی لە زمانی كوردی و فارســیدا، نامەی دكتۆرا، كۆلێژی زمان، زانكۆی ســلێمانی، سلێمانی.

٢- د.ئەورەحمانی حاجی مارف(٢٠٠٠)، ڕێزمانی كوردی، وشـــەســـازی، بەشی پێنجەم- كردار، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.

٣-د.ئـەورەحـمـانـی حـاجـی مـارف(٢٠٠٤)، فـەرهـەنـگـی زاراوەی زمانناسی(كوردی – عەرەبی – ئینگلیزی)، سلێمانی.

٤- د.ئومێد بەرزان برزۆ، دروســتەی فرێز و ڕســتە لە زمانی كوردیدا، چاپی سێیەم، چاپخانەی (جنگل)، تاران، ئێران، ٢٠٢٠.

٥- د.ئومێد بەرزان برزۆ، توێژینەوە زمانەوانییەكان، بەرگی دووەم، چاپخانەی (جنگل)، تاران – ئێران، ٢٠٢٠.

٦--بازیان یونس محێدین(٢٠١٣)، پەیوەندیی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاكس، چاپی یەكەم، چاپخانەی موكریان، هەولێر.

٧- د.حاتم ولیا محمد(٢٠١٩)، مۆرفۆلۆجیی، چاپی یەكەم، شـــوێنی چاپی نییە.

٨--د.ڕەفیق شـوانی(٢٠١١)، وشـەسـازی زمانی كوردی(لێكۆڵینەوەیەكی پراكتیكیە)، هەولێر

٩-- سەعید کەرەمی(١٣٩٦)، وشەناسیی زمانی کوردی(کرمانجیی ناوەڕاست)، پەخشانگای زانستگای کوردستان، سنە.

١٠- د.شێروان حوسێن خۆشناو(٢٠١٦)، توانای مۆرفێمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەراندنی ئەرکی سینتاکسیدا(لێکدانەوەیەکی بەراوردکارییە لە نێوان زمانی کوردی و فارسیدا)،دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.

١١--صالح عبدالله بابکر(٢٠١٦)، ڕێسازی مۆرفۆلۆجیی فەرهەنگی لە شیکردنەوەی گیرەکەکانی زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە/قەڵادزێ، زانکۆی ڕاپەڕین.

١٢- د.عبدوالواحید موشیر دزەیی(٢٠١٥)، وشەسازی زمانی کوردی، چاپی سێیەم، هەولێر.

١٣- عمر محمود کریم(٢٠٠٤)، کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوەتەوە)، زانکۆی بەغدا، کۆلێژی پەروەردە- ئیبن ڕوشد، بەغدا.

١٤- ك.ك.کوردۆییف(١٩٨٤)، ڕێزمانی کوردی بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی، و:د.کوردستان موکریانی، چاپخانەی (الادیب)، بەغدا.

١٥-د.کوردستان موکریانی(٢٠١٧)، زمانی کوردی مۆرفۆلۆژیا، هەولێر.

١٦- محەمەد ئەمین هەورامانی(١٩٨١)، زاری زمانی کوردی لە تەرازووی بەراورددا، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا.

١٧- د.محەمەد مەعروف فەتاح و د.سەباح ڕەشید قادر(٢٠٠٦)، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.

١٨- د.محەمەدی مەحویی(٢٠٠٣)، ڕستەسازیی کوردیی، سلێمانی.

١٩- یارا قادر حەمەد مەلازادەیی(٢٠١٣)، مۆرفۆسینتاکس لە شێوەزاری کۆیەدا، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

٢٠- یوسف ڕەشید(٢٠١٣)، فەرهەنگی (ئەناهیتا)، بەرگی یەکەم، بەشی دووەم، بەڕێوەبەرایەتی خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوبوونەوە.

- بە زمانی عەرەبی:

-٢١- د.محمـد على الخولى(١٩٩١)، معجم علم اللغـة النظري(انكليزى – عربي)، مكتبة لبنان، بيروت.

**بەزمانی ئینگلیزی:**

22-Crystal, D. (1992), *An Encyclopedia Dictionary of Language and Linguistics*. Oxford: Blackwell Puplishing.

23- Crystal,D, *A Dictionary of Linguistics & Phonetics*, Black well publishing: uk, 2003.

24-Fattah, M, M. A Generative Grammar of Kurdish. An unpublished Doctoral Dissertations: University of Amsterdam, 1997.

25-Amin, W, O, *Aspects of the Verbal Construction in Kurdish*. 2nd ed. Kurdish Academy Publications: Hawler, 2011.